تەنیا ئیدریس: حەیران گەنجینەی کوردانە

هونەرمەند تەنیا ئیدریس ماوەی چەند ساڵێکە لە هەندەراندا دەژیت و لەو رۆژانەدا بە یەکجارەکی گەڕاوەتەوە زێدی باوک و باپیرانی...لە هەڵکەوتێکا بینیمان و لێمان پرسی

*** چۆن بوو بڕیاری گەڕانەوەی یەکجارەکیت دا؟**

– کوردستان وڵاتی خۆمەو دەست بەرداری نابم، ئەو خەونانەی هەشمە تەنها لە کوردستان دێنەدی.

*** ئەو چەند ساڵەی لەوێ بووی چۆن لێکی دەدەیتەوە؟**

– بەلای منەوە ئەوروپا بۆ من زیندانێکی گەورە بوو؟

*** ئەو ماوەیە لەوێ چیتان ئەنجام داوە؟**

– لەوێ سیدیێکم تەواو کردووە، تا ئێستا بڵاونەبۆتەوە بریتییە لە 15 گۆرانی و چوار کۆپلە حەیران، بە تەمام لەو رۆژانە بڵاوی بکەمەوە.

*** حەیران بەلای تۆوە چی دەگەیێنێ؟**

– حەیران گەنجینەیەکی کوردە، کەم لە گۆرانی بێژان دەرەقەتی حەیران دێن.

*** چۆن ئاشقی حەیران بووی؟**

– من لە غەریبی بوومە هاودۆستی حەیران؟

*** ئەو حەیرانە لە غەریبیدا بە کەڵکت هاتووە؟**

– بەڵێ، بۆ دڵدانەوەی خۆم بە هانام هاتووە، لە هەمان کاتیشدا حەیران زێتر منی لە هونەردا بردە پێشەوە.

*** پێتوایە حەیران گوێگری زۆری هەبێ لەو زەمەندا؟**

– خەڵکی ئەوروپا لە کورد زێتر ئاشقی حەیرانن، خۆم هەستم بەوە کردووە، ئێستاش درک بەوە دەکرێت کە گەنجەکان دەگەڕێنەوە بۆ حەیران و خۆیان لەو هونەرە گەورەیە رادێنن.

*** ئەوەی دەتەوێ بیڵێی؟**

– من کوردستان زۆر بە گەشبینی دەبینم ئاواتمە کە ئەو دەرفەتەی لەپێشە بۆ خزمەتی گەل و وڵاتەکەم بیخەمە گەڕ.